# فاوڵەکانی جەنابی سەرۆك

## نورەدین وەیسی

دواجار مام جەلال لەپاییزی تەمەنیدا خەونەکەی هاتەدی کە وەك هاوڵاتییەکی پلە یەکی عیراقی حیسابی بۆ بکرێت و، بووە سەرۆك کۆماری وڵاتێك کە مێژووەکەی تژییە لەتاوان،
هێشتا هەر چەند دەمژمێرێك بەسەر ڕاگەیاندنی نێوی تاڵەبانی وەك سەرۆك تێپەڕیبوو کە کۆمەڵێك قەڵەم بەدەستی کورد کەوتنە بەشانوباڵهەڵدانی ئەو دەسکەوتە مێژووییە بێ وێنەیەی کە گوایا کورد وەدەستی هێناوەوتا ئێستاش بەرزنرخاندنی ئەم هەنگاوە درێژەی هەیە ، لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە هەندێ لەونووسەرانە وەك ئەوەی خەڵك بەگێل بزانن وا نیشان دەدەن گوایا ئەمە تەنها لێهاتوویی ولێوەشاوەیی تاڵەبانییە ئەوی کردووە بە سەرۆك نەك ڕێککەوتنێکی سیاسی پێشوەخت .!
من جگەلەوەی وای نابینم تاڵەبانی هێشتاش حیسابی هاوڵاتی پلە یەکی بۆ کرابێت چونکە سەرۆکێکی کاتی ودەست وپێ سپی و بێ دەسەڵاتە وکوردگوتەنی برای گەورەی هیچ بەدەستە ، پێشموایە بوونی تاڵەبانی(یان هەر کوردێك) بە سەرۆك کۆماری عیراق هێندەی زیان بە پرسی نەتەوەیی کورد دەگەیێنێت هێندە بەکەڵکی نایەت،چونکە لەلایەك هەوڵێکە بۆ زیاتر لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە عیراق وپەرەدان بە هزری عیراقچێتی دەنێو خەڵکی کوردستاندا کەهەنووکەئاماژەکانی دەرکەوتوون ،ئەوەنییە هەندێ  کەس دەڵێن (ئێستا هەست بەعیراقیبوونی خۆمان دەکەین)،ئەمە بێجگە لە ڕاوەشاندنی ئاڵای عیراق لە شایی ولۆغانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی لە کوردستاندا، لەلایەکی دیشەوە بوونی تاڵەبانی بەسەرۆك کۆماری عیراق بیانوویەکی بەهێزی داوەتە دەست عەرەب تا داوا لەکوردی باشوور بکەن کە پەیوەستبوون وئینتمای عیراقیبوونی خۆیان بخەنە سەرووی کورد بوونەوە، بگرە هەندێ لە ڕۆشنبیرو سیاسەتوانە عەرەبی وعیراقییەکان لەوەش واوەتر دەچن ودەڵێن ئیدی کورد لەمە زیاتر چیان دەوێت وبۆچی داوای فیدراڵی وکەرکوك وگەرەنتی لە عیراقێك دەکەن کەخۆیان تێیدا سەرۆك کۆمارن؟!
ڕەنگە خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانی ئەوەیان لە مام جەلال هەبێت کە لەماوەی ئەو هەشت مانگەی سەرۆك کۆمارە خێرێکی بۆکورد بەنێوچاوانەوە بێت هەرچەندە وەك هەمووومان دەزانین پۆستەکەش زیاتر سێمبۆلیکی ورەمزییە، لێ تاڵەبانی هەر لەیەکەم وتاریدا موجامەلەیەکی بێ ئەندازەی عەرەب و وڵاتانی عەرەبی کرد کاتێك پتر لە جارێك جەختی لەسەر گێڕانەوەی عیراقی بۆ دەوروبەرە عەرەبی وئیسلامییەکەی کردەوەو هاریکاری عیراقیشی بۆ فەلەستینییەکان دەربڕی لەپێناودامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستیندا، هەربۆیەش وتارەکەی تاڵەبانی دڵی زۆربەی ڕۆشنبیرانی عەرەبی خۆشکردوتەنانەت هەندێکیان پێیان وابوو وتارەکە لە وتاری زۆربەی سەرۆکە عەرەبییەکان (وەتەنی وعروبی) تر بووە

هێشتا چل وهەشت دەمژمێریش بەسەر دانانی بەسەرۆك كۆمار تێنەپەڕیبوو كەتاڵەبانی كۆمەڵێك فاوڵی بەرامبەر پرسی كورد كردن ، لەیەكەمین كۆنگرەی رۆژنامەوانیدا دوای وەرگرتنی پۆستەكە لەوەرامی پرسیاری ئەوەی ئایا بەزۆری لەبەغدا دەبێت یان كوردستان تاڵەبانی دووجار بە (الشمال) ناوی كوردستانی هێناوگوتی (چۆن دەتوانم سەرۆك كۆماری عیراق بم و لەباكوور بم ،تەنها مەگەر عیراق دوو پایتەختی هەبێت یەكێكیان هاوینی لەباكوور وئەویتریان زستانی لەبەغدا)، لەسەر مانەوەی ئاڵای بەعسیش گوتی ئەگەر گەلی عیراق سووربن لەسەر مانەوەی ئەوە كرنۆشی بۆ دەبەین.

رۆژی دواتریش لە نووكتەیەكی زۆر خۆشدا تاڵەبانی لەوەڵامی پرسیارێكی ئەهرامی میسریدا لەبارەی ریفراندۆمەوە گوتی(ریفراندۆمی كوردستان بۆ دیاریكردنی مافی چارەنووس بوو لە چوارچێوەی عیراقدا))!! ،كەچی تا ئێستاش برادەرانی ریفراندۆم كەبە قسەی خۆیان سەربەخۆن لەمەڕ ئەو قسە نەستەقەی تاڵەبانیدا سەری خۆشیان نەخوراندووە.!

لەوتاری رۆژی سوێند خواردنیشیدا بەر لەوەی چەند قسەیەكیش بە كوردی بكات تاڵەبانی داوای لێبوردنی لە سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمانی عیراق كردو گوتی (خوشك وبرایانی بەڕێز داوای لێبودرنتان لێدەكەم كەبەزمانی دووەمی رەسمی عیراق زمانی كوردی پیرۆزبایی بنێرم.....) وەك بڵێی قسەكردن بە كوردی عەیب وتاوان بێت تا داوای لێبوردن بخوازێت !

ئەز بۆخۆم لەماوەی هەشت مانگی سەرۆك كۆمارییتی تاڵەبانیدا -كەعەرەب بە ئەبوو شەللال بانگی دەكەن- نەك هەرچاوەڕێی هیچ خێروبێرێكی بۆ كورد لێناكەم بەڵكو ئەگەر وەك چۆن غازی یاوەر داكۆكی لە عارەبە هاوردەكان وهەڕەشەی لەخەڵكی سەربەخۆییخوازی كوردستان كردومام جەلالیش نەیكات ونەشڵێت كەركوك دەكەم بە بروكسێل ئەوە من زۆر سوپاسگوزاری دەبم..!

٭ عراقیون اكراد ام اكراد عراقیون ایلی شلهوب السفیر 2005/4/9

- بۆ قسەكانی تاڵەبانی بڕوانە الانصات المركزی یەكێتی 8،2005/4/7 www.pukonline.com

